# سەرکوت و سڕینەوە
# لە سیاسەتی زمانیی ئێراندا

قادر وریا (خوێندکاری دکتۆرا)

ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێ چییەتیی «سیاسەتی زمانی» لە ئێراندا کە سیاسەتێکی تاکزمانییە و بناغەکەی لەسەر سەرکوت و سڕینەوەی زمانەکانی دیکە دامەزراوە، ڕوون بکاتەوە. ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە ئایا ئەو سیاسەتە زمانییە توانیوێتی «نەتەوەی ئێرانی» کە زمانەکەی فارسییە، دروست بکا؟ هەروەها سیاسەتێک کە بناغەکەی لەسەر تیۆرییەکی چەوت و ناتەبا لەگەڵ واقیعی سیاسی، نەتەوەیی و زمانیی کۆمەڵ و وڵاتی ئێران دامەزرابێ، لە پرۆسەی جێبەجێکردندا بەرەوڕووی چ جۆرە کێشە و گرفتێک دەبێتەوە.

## پوخته

زمانی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بە دوای ئەو ئاکامانەی لە شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتنەوە، بەرەورووی چارەنووسێکی تاڵ بووەوە. سیستەمی نوێی دەسەڵاتدارەتیی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بە پشتبەستن بە تیۆریی «دەوڵەت – نەتەوە» وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریایان، وەک وڵاتی یەک نەتەوە کە خاوەنی زمانی نەتەوەییی تایبەت بەخۆیەتی پێناسە کرد. سەرخستن و جێگیرکردنی ئەو پێناسەیەش، سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییی پێکهاتە نەتەوەیی‌یەکان لە شوناسی نەتەوەی سەردەستی ئەو وڵاتانەدا و، حاشاکردن لە فرەزمانی و گرتنەبەری سەرکوت و سڕینەوەیان لە پێناوی زاڵکردنی زمانی نەتەوەی سەردەست لەو چەند وڵاتەیدا پێویست بوو. لە ئێرانیش لە سۆنگەی ئەم گۆڕانە سیاسییەوە، زمانی کوردی و زمانە غەیرەفارسییەکانی دیکە بەرەورووی سەرکوت و پەراوێزخستنی بەئەنقەست و بەردەوام بوونەوە.

ئەم توێژینەوەیە، دەیەوێ چییەتیی «سیاسەتی زمانی» لە ئێراندا کە سیاسەتێکی تاکزمانییە و بناغەکەی لەسەر سەرکوت و سڕینەوەی زمانەکانی دیکە دامەزراوە، روون بکاتەوە. ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە وڵامی ئەم پرسیارەیە کە ئایا ئەو سیاسەتە زمانییە توانیوێتی «نەتەوەی ئێرانی» کە زمانەکەی فارسییە، دروست بکا؟ هەروەها سیاسەتێک کە بناغەکەی لەسەر تیۆرییەکی چەوت و ناتەبا لەگەڵ واقیعی سیاسی، نەتەوەیی و زمانیی کۆمەڵ و وڵاتی ئێران دامەزرابێ، لە پرۆسەی جێبەجێکردندا بەرەورووی چ جۆرە کێشە و گرفتێک دەبێتەوە.

بۆ ئەم توێژینەوەیە سوود لە شێوازی(مێتۆد) وەسفی شیکاری وەرگیراوە. توێژینەوەکە بریتییە لە دوو بەش. لە بەشی یەکەمدا، دوای ناساندنی دوو چەمکی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی، چۆنیەتیی لەدایکبوونی «سیاسەتی زمانی» لە وڵاتی ئێران و هۆیەکانی درێژەپێدانی لە رێژیمەکانی دواتردا باس کراوە. لە بەشی دووهەمیشدا، تیشک خراوەتە سەر ویستی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران بۆ گۆڕینی ئەو سیاسەتە سەرکوتکەرانەیە و، پێداگری و مکوڕبوونی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات بۆ بردنە پێشی ئەم سیاسەتە زمانییە. «ئەنجام»ی توێژینەوەکەش لەبەر رووناکاییی باسەکانی هەر دوو بەش و هەڵێنجانی ئاکام لێیان، کۆمەڵێک خاڵی خستوونە روو.



### وشە سەرەکییەکان

سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی، سەرکوتی زمانی، تاکزمانی، فرەزمانی.


## ۱: مێژوویەک پڕاوپڕ سەرکوت و سڕینەوە

سەرکوتی زمانی و سڕینەوەی شوناسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز و مودێرن لە هەر کام لەواندا هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی یەکەمی جیهانی. ئەو دەوڵەتە نوێیانە، لەسەر بناغەی ئایدۆلۆژیای یەک وڵات – یەک نەتەوە دادەمەزرێن. بەو هۆیەشەوە کە واقیعی پێکهاتەی دانیشتووانیان فرەنەتەوەیی بووە نەک تاک نەتەوەیی، رێگەی تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە نەتەوەی سەردەستدا و سڕینەوەی زمانی ئەوانیان گرتووەتە بەر. ئەمە وای کردووە «سیاسەتی زمان» و پلانی زمان»یان لە خزمەت ئەو ئایدۆلۆژیایەدا بێ.

### ۱-۱ کورتەیەک لەبارەی دوو چەمکی «سیاسەتی زمانی» و «پلانی زمانی»

زاراوەی «سیاسەتی زمانی» زاراوەیەکی تا رادەیەک نوێیە. یەکەم کتێب بەم ناوە ساڵی ۱۹۴۵ بڵاو بووەوە. زۆر جاریش ئەم زاراوەیە لەگەڵ «پلانی زمانی» بە هەڵە بە یەک واتا

بەکار دەبرێن. باڵدۆف لەو بڕوایەدایە کە لەنێوان سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی جیاوازی هەیە. پلانی زمانی بۆخۆی بەشێکە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی.

«پلان و سیاسەتی زمان» سەرباری بنەما ئەکادیمییەکەی، تا ڕادەیەک نوێیە، بەجۆرێک لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا هاتە ئاراوە. بەڵام ڕەگە فەلسەفی و پراکتیکییەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆ سەردەمی ناپلیۆن، لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە. کاتێک ناپلیۆن هەستی بەوە کرد، کە زمانێکی یەکگرتووی بۆ بەڕێوەبردنی سوپا پێویستە. کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێک کە بیرمەندانی زمانەوانی بە دوای ئامرازە چەمکدارەکاندا دەگەڕان، بۆ تێگەیشتن و شەرعی بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەیە بە بایەخەوە دەرکەوت و گەشەی سەند. پشتیوانیکردن لە ئەفسانەی یەک نەتەوە و یەک زمان، تا ئێستاش مەسەلەیەکی کاریگەرە لە نەخشاندنی زمانەوانی، لە ئاستی نیشتمانیدا». (Baldauf, 2012: 233)

بەم پێیە: «سیاسەتی زمانی بە یەکێک لە سیاسەتە گرنگەکانی هەر وڵاتێک دەژمێردرێ و، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە سیاسەتێک دەکا کە دەوڵەت دەربارەی زمانی نەتەوەیی، زمانە خۆجێییەکان، زمانی ئایینی و زمانی جیهانیدا بە گوێرەی بەرژەوەندەکانی وڵات، دەیگرێتە بەر.» (احمدی پور، ۱۳۹۰ : ۱-۱۶) ئەم ڕاستییەش جێگەی بایەخ پێدانە کە زۆر لە وڵاتان و نەتەوەکان، «بەرژەوەند» یان لە زاڵکردنی تاکەزمانێک و، پەراوێزخستن و سەرکوتی زمانەکانی دیکەی وڵاتەکەیان و خەڵکەکەیاندا دەبینن. «نەتەوەکان لە مێژوودا، زۆر جار سیاسەتی زمانییان بۆ ئەوە دارشتووە کە زمانێک لەسەر حیسابی زمانەکانی دیکە پێش بخەن.» (جامباز، ۲۰۱۴: ۷) بەڵام لەو وڵاتانەی ڕێز لە مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی خۆیان دەگرن، سیاسەتی زمانییان بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژن.

«ئێستا زۆر لە وڵاتان سیاسەتی زمانییان بۆ پێشخستنی دارشتووە، ئەو زمانە خۆجێیی و نەتەوەیی‌یانەی هەڕەشە لەسەر مانەوەیاندا هەیە. حکومەت بە فەرمی سیاسەتی زمان دادەڕێژێت لەڕێگەی یاساکاری یان بڕیارە دادوەرییەکان بۆ ئەوەی دیاری بکرێت چۆن زمانەکان بەکار بێن؟ یان ئەو توانا زمانەوانییە بپووژێندرێتەوە، کە پێویستن بۆ ئەوەی پرسە هەرە لەپێشە نیشتمانییەکان بەڕێوە ببرێن، یان بۆ دیاریکردنی مافی تاکە کەس یان گرووپەکان لە بەکارهێنان و پارێزگاریکردن لە زمانەکانیان.» (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە)

زاراوەی «پلانی زمانی» لە زاراوەی «سیاسەتی زمانی» نوێتریشە. ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۵۹ لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی، «هۆگن» لە میانەی وتارێکدا کە تایبەت بوو بە ڕەوشی زمان لە نۆرویژ، بەکار هێنرا. ئەم زاراوەیە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا، بووەتە بەشێک یان لقێک لە لقەکانی زمانەوانیی پراکتیکی یان زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. «لویس جان کالفی» لەبارەی پێوەندیی نێوان سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی دەڵێ:» ئێمە سیاسەتی زمانی بەوە لێک دەدەینەوە کە بریتییە لە سەرتاپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنە بەر لە بواری پێوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتییش لەنێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا. هەروەها پلاندانانی زمانی بریتییە لە گەڕان بە دوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنێتیی جێبەجێ کردنی ئەو هۆکارانە.» (کالفی، هەولێر ،۲۰۱۲: ۱۵۱-۱۵۲) لەم باس و پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە سیاسەتی زمان، بریتییە لە جەوهەر و نێوەرۆکی ڕوانینی دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی بەرانبەر بە زمان و، پلانی زمانییش، پرۆگرام و هەنگاوە کردەکییەکانی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە زمانییەن.

## ۲-۱ دەسپێکی سەرکوتی زمانی لە ئێراندا

ئێران وڵاتێکی گەورەیە کە دانیشتووانی لە

نەتەوەی جۆراوجۆر پێک هاتوون و بە زمانی جیاواز دەدوێــن. تورکی(ئازەری)، کــورد، بەلووچ، لور، عەرەب و تورکمان، لەو نەتەوانەن کە ڕێژەیەکی بەرچاو لــە خاکەکەیــان و حەشــیمەتەکەیان لــە چوارچێــوەی جۆگرافییای ئــەو وڵاتەدان. ڕۆژهەڵاتی کوردســتانیش کە لە چوار پارێزگەی ئیــلام، کرماشــان، کوردســتان و ورمێ پێک هاتــووە، کەوتووەتە نێو جوگرافییای سیاســیی وڵاتــی ئێران. جگە لــەوەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەو ٤ پاریزگەیە کوردن، ڕێژەیەکی گەورە لە دانیشــتووانی باکووری خوراسانیش لە کوردزمانان پێک هاتووە. بەو هۆیەوە کە لە ئێران ڕێگە بە ســەرژمێری بە وەبەرچاوگرتنی زمان و بەســتراوەییی نەتەوەیی تاکەکان نادرێ، ئاماری وردی کورد لەو وڵاتە ڕوون نییە.

«بــەراورد دەکرێ کــە ١٢ میلیــۆن کورد لــە ئێرانــدا دەژین کــە لە ســەدا ١٥ تا ١٧ی دانیشــتووانی ئــەو وڵاتــە پێک دێنــن. ئەوان بــە زۆری لــە چــوار پارێزگــەی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کوردســتان، کرماشــان و ئیلام، لە ڕۆژاوا و باشــووری ڕۆژاوای وڵات دەژیــن. زۆر لــە کوردەکانیــش چوونە تاران و شــارە گەورەکانی دیکە. کۆمەڵێکی کوردیش لە باکووری پارێزگەی خوراســان هەیە. » (ئەمنێستی،٢٠٠٨ :٥) دیارە ئــەو کوردانە لە ســەردەمی شــا تەهماســوبی ســەفەوی و نادرشای ئەفشار لە کوردستانەوە بۆ ئــەو ناوچەیە، ڕاگوێزراون. ئەوان چەندین شــار و ناوچەی گەورەی ئــەو پارێزگەیان داگرتووە و ژمارەیان بە پێــی هێندێک بەراورد لە ١میلیۆن کەس تێدەپەڕێ. «کوردەکانی خوراسان لە سەدا ٤٦ی دانیشتووانی پارێزگەی خوراسانی باکووری پێک دێنن. » (خراسان،٢٤٦) لە چەند پارێزگەی دیکەی ئێرانیشدا حەشــیمەتی کورد بە ڕێژەی جیاواز هەن.

ســەرەڕای بوونی نەتەوە و زمانی جیاواز لە ئێران و، لە هەلومەرجێکدا کە حەشیمەتی نەتەوە غەیرەفارســەکان، نزیک بە نیوەی دانیشــتووانی ئێران پێک دێنن (ســیف الدینــی،٢٠٠٥ :٣) تەنیا یــەک زمان، زمانی ڕەســمیی ئــەو وڵاتەیە کە ئەویش زمانی فارســییە. لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕەزاشــای پەهلەوی لە ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەمدا، پرۆســەی زاڵکردن و جێگیرکردنی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات، دەستی پێ کرد. دیارە بەر لە هاتنە سەرکاری ڕەزاش، لە کۆتاییەکانی تەمەنــی ڕێژیمی قاجارەکان و لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەدا، لەنێو ڕووناکبیران و سیاسییە فارسزمانەکانی ئێراندا، ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە وڵاتی ئێرانی وەک وڵاتی نەتەوەیەک بە ناوی «نەتەوەی ئێران» و زمانەکەشی وەک زمانی فارسی، پێناسە دەکرد، سەری هەڵدابوو. (ناظمی، ١٣٩٧: ٢٤٣) ئەم جۆرە باوەڕە لە چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمی ئێراندا ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە. بــەڵام هەتا هاتنە ســەرکاری ڕەزاشــا ئەم بیرە بــواری بۆ نەڕەخســا کە دەوڵەت و دەســەڵاتی وڵاتی لەســەر دابمەزرێ. «ڕەزاشــا زۆر سەرسام بوو بە مســتەفا کەماڵــی دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ و هەوڵی دەدا شوێن پێی ئەو هەڵگرێ لە سیاســەتە ســەرکوتکارییەکان و ئەو هەنگاوە ڕیشەییانەی کە ناوی چاکسازی لێ نابوو. بۆیە لــە دوای دامەزرانی بناغەی دەســەڵاتەکەی لە ١٩٢٥دا زنجیرەیەک یاسا و بڕیاری دەرکرد- کە بە پێی بۆچوونی خۆی دەبنە هۆی هاتنە کایەی ئەو دەوڵەتەی لە ئەندێشەی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشابوو.» (هەروتی، ٢٠٠٧ : ١٠٤)

ڕەزا شا لە درێژەی سیاسەتی نەتەوەسازیدا و بە نیازی پتەوکردنی شوناسی «نەتەوەی ئێران» کەوتە جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکەوە. داســەپاندنی زمانی فارســی وەک زمانی فەرمیی وڵات، یەک لەو پرۆژانە بوو. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا تەنانەت قوتابخانــە دەرەکی و تایبەتییەکانیش لە ســاڵی ١٩٢٨وە داوایــان لێکرا بە زمانی فارســی وانە بڵێنەوە و پرۆگرامــی پەروەردەیی قوتابخانەکانی وڵات پێــڕەو بکەن. بەم جۆرە فارســی، نە تەنیا بوو بە زمانی «نەتەوەیی»(نەتەوەی ئێران)، بەڵکوو هەمــوو زمانەکانی دیکەی وڵات قەدەغە کران و ئیزنی چاپی کتێــب و ڕۆژنامەش تەنیا بۆ زمانی

فارسی بوو. زمانەکانی ئازەری، کوردی، بەلووچی و تورکمانی وەک زاراوەی فارسی دانران. (سەعید، ٢٠٠٩ : ١١٦)

بــۆ نوێکردنەوەی ئێــران بە گوێــرەی ئەو بیرکردنەوەیەی خۆی، ڕەزاشا چەند سیاسەتێکی گرتــە بەر کــە جێبەجێکردنی دوو سیاســەتی «متحدالشکل» (یەک جلوبەرگ) و «متحد الزبان» (یــەک زمان) کردنی خەڵکی ئێران، لەوان بوون. هەوڵی ئەم دەوڵەتە ئەوە بوو لە لایەنی ڕەگەزییەوە هەمــوو دانیشــتووانی ئەو وڵاتە بەرێتەوە ســەر یــەک ڕەگەز کــە ئەویش ڕەگەزی فــارس بوو. ئەم ئاواتەش لە هەســتی شۆڤێنییانەی ڕەزاشا و نیازە ڕەگەزپەرستانەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت. «ئەوەتا ئەم هەســت و نیازانە بوونە سیاسەتێکی فەرمیی ڕژێمی ڕەزاشــا و لــە ئەنجامدا نەتەوە غەیرەفارسەکان تووشــی درندەترین جۆرەکانی ســتەم و چەوســانەوەی نەتەوەیــی بوونەوە. لە چوارچێــوەی ئــەم سیاســەتەدا بەرنامەیەکــی درێژخایــەن هەبوو بــۆ ســڕینەوەی کولتووری نەتەوەیــی و ڕۆشــنبیری و، هەروەهــا دیرۆکی ئەم گەلانە بە مەبەســتی تواندنەوەیان لە بۆتەی فارسیدا. لە کوردستان دەســەڵاتداران هەوڵیان دا تەگەرە بخەنــە بــەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە ڕاستیشدا بە کردار لە قوتابخانەکان و لە فەرمانگەکانی حکومەتدا قەدەغە کرا. هەروەها هەوڵــی زۆر درا بۆ قەدەغەکردنــی لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی بۆ لەنێوبردنی ئەو دیاردانەی کە هەبوونی نەتەوە غەیرەفارسەکان لە وڵاتدا بە دیار دەخەن..» (هەروتی، ٢٠٠٧ : ١٠٥)

ئاشــکرایە کــە لــە دیاریکردنــی زمانی فارســی وەک زمانــی فەرمیــی دەســەڵات و خەڵکی ئێــران، گوێ بە ویســت و ڕەزامەندیی نەتەوە غەیرەفارســەکانی ئێران نــەدرا. هەربۆیە ئــەو سیاســەتە و هەروەهــا هەوڵەکانــی دیکە بۆ ســڕینەوەی شوناســی ئــەو نەتەوانە لەگەڵ نارەزایەتی و بەرهەڵستی ئەوان بەرەوڕوو بوون کە دیارە ئەنجامەکەشــیان سەرکوتی خوێناویی ئەو بەرهەڵستانە لە لایەن ڕەزاشاوە و، سەرکوتکردنی ویســـتە نەتەوەیی‌یەکانیـــان بـــوو. نموونەکەی کوشتنی سمکۆی شکاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکەی، سەرکوتکردنی شێخ خەزعەل لە خوزستان(ســەرزەویی عەرەبەکانی ئێران) و، ژمارەیەک ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەییی دیکە لە لایەن ڕەزاشاوە بوو.

شانبەشــانی ســەپاندنی زمانی فارســی لە بوارەکانــی پەروەردە و فێرکردن، لە دامودەزگای حکومەتی و دەوڵەتی، لە چاپەمەنی و هتددا، زمانە غەیرەفارســییەکانی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ ســەرکوت بەرەوڕوو بوون. «کەلکوەرگرتن لــە زمانی کــوردی لــە تــەواوی قوتابخانەکان و چاپەمەنیــی کوردیــدا، هەروەها لــە تەواوی کاروباری دەوڵەتیدا لەگەڵ مەترسیی حوکمدران بە زندانی درێژخایەن بەرەوڕوو کرایەوە، تەنانەت بەکاربردنی وشــەی کوردســتان لە چاپەمەنی و کتێبەکاندا قەدەغە کرا.» (میکە،٢٠١٩ :٤٣٠) وێڕای ئەو جۆرە سەرکوت و تەنگ پێهەڵچنینانەی زمانە غەیرەفارســییەکان، هەوڵــش دەدرا ئەو زمانانە بەتایبەتی زمانی کوردی وەک لقێک لە لقەکانی زمانی فارسی بناسێندرێن.

لــە دوای لەســەر کاروەلانرانــی ڕەزاشــا و هاتنەسەرکاری محەممەدڕەزای کوڕی، گۆڕانێکی جەوهەری لە سیاســەتی ســەرکوتی زمانی لە ئێراندا ڕووی نەدا. دوو دەســەڵاتی کورتخایەنی ناوچەیــی و نەتەوەیــی («حکومەتــی میللیــی ئازەربایجــان» و «جمهووریی کوردســتان») کە لە ئازەربایجانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردســتان لە نێوەڕاســتی چلەکانی سەدەی پێشوودا هاتنە ســەرکار(١٩٤٥-١٩٤٦)، زمانەکانــی تورکیــی ئازەری و کوردییان لە ناوچەی ژێر دەســەڵاتی خۆیاندا کــردە فەرمی. خوێندن لە قوتابخانەکان و هەروەها قســەکردن لــە دامودەزگاکانی دوو حکومەتی جمهووریی کوردســتان و حکومەتی میللیــی ئازەربایجان بە زمانــی خەڵکی ئەو دوو ناوچەیــە بوو. بەڵام کاتێک ڕێژیمی شــایەتی بە هێزی ســوپایی، ئەو دوو دەســەڵاتەی ڕووخاند، بە فەرمی ناســینی زمانەکانی کوردی و تورکی

و، خوێنـــدن بەو زمانانـــەی وەک جیاییخوازی و تاوانێکـــی گـــەورەی ڕێبەران و کاربەدەســـتانی ئـــەو دوو دەســـەڵاتە دانـــا. لە ســـاڵانی دواتری دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزاشادا، تەنیا گۆڕانێک کە لەبارەی ئەو زمانانە هاتبێتە کایەوە، ڕێگەپێدرانیان لـــە بەرنامەکانی چەنـــد ڕادیۆیەکی خۆجێیی و، بڵاوبوونـــەوەی کاتـــی و ســـنوورداری ڕۆژنامە یا بڵاوکراوەیەکی حەوتووانە (مەبەست بڵاوکراوەی کوردستان، چاپی تاران لە ماوەی ١٩٦٢-١٩٥٩) بە زمانـــی کوردی لە هەلومەرجێکی سیاســـیی دیاریکراودا بوو.

## ١-٣ بەردەوامیی سەرکوتی زمانی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ( ١٩٧٨ی زایینی) ی خەڵکی ئێران، کۆتایی بە ڕێژیمی ٢٥٠٠ ساڵەی شـــایەتیی لە ئێران هێنا. دەســـەڵاتێکی سیاسیی نـــوێ کە لە ئێران هاتە ســـەرکار، بەرەورووی زۆر لـــەو داخوازانە بـــووەوە کە لە ڕێژیمی شـــایەتیدا سەرکوت کرابوون. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشەوەی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێراندا بوون کە داوای بە فەرمی ناسرانی مافە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیـــان، بەتایبەتی بـــە فەرمی ناســـرانی زمانی خۆیان لە ناوچە و شـــوێنی ژیانیان کرد. لە کاتی ئامادەکـــردن و نووســـینی دەســـتووری نوێ بۆ ئێران، لە لایەک بەو هۆیەوە کە دەســـەڵاتی نوێ هێشـــتا باش خۆی جێگیـــر نەکردبوو، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی بوونی تەوژم و هەســـت و ویستی شۆڕشـــگێڕی لەنێـــو کۆمەڵـــدا و کاریگەریی ئەو تەوژمە لەسەر یەکەم مەجلیسی دامەزرێنەران(کە ناوی لێ نرا مەجلیسی خیبرەگان)، پرسی دانانی بە زمانە غەیرەفارســـییەکان و خوێندن بەو زمانە، لەو مەجلیســـەدا ڕەنگدانـــەوەی هەبوو و تەنانەت لە دەســـتووری نوێی وڵاتیشـــدا، کاریگەریی دانا. (ئەحمەد،٢٠١٠: ٨٠) لە ئەســـلی ١٥ی دەستووری وڵات کە لەو کەشـــوهەوا سیاسییەدا پەسند کرا، هاتووە:

«زمان و خەتی ڕەســـمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارســـییە. بەڵگەنامەکان و نامەنووســـین و دەقە ڕەســـمییەکان و کتێبەکانی خوێندن دەبێ بەو زمـــان و خەتە بن، بـــەڵام کەلکوەرگرتن لە زمانـــە خۆجێیی و قەومەییـــەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشـــتییەکان و خوێندنی ئەدەبییاتی ئەوان لە قوتابخانەکان، لەتەنیشت زمانی فارسی ئازادە.» (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران،١٣٦٨:٦)

ســـەرەڕای دانانان بە فرەیی و جۆراوجۆریی زمانـــەکان لە ئێـــران، وەک لـــە نێوەرۆکی ئەم ماددەیـــەی دەســـتوور دەردەکـــەوێ، نەتـــەوە غەیرەفارسەکانی ئێران وەک «قەوم» نەک نەتەوە، ناویـــان هاتووە و، زمانەکەشـــیان وەک «زبانهای قومی ومحلی» (زمانە قەومـــی و خۆجێییەکان) نەک زمانی ســـەربەخۆی چەند نەتەوەی جیاواز، دانیان پێدانراوە. ئاشکرایە ڕوانینی زاڵ بەسەر ئەم دەستوورەدا، هەمان ئەو ڕوانینەیە کە جەوهەری ناســـیۆنالیزمی ئێرانیی پێـــک هێناوە کە ئەویش بریتییە لە پێناســـە کردنـــی خەڵکی ئێران وەک یـــەک نەتەوە(نەتەوەی ئێران) کە زمانە فەرمی و سەرانسەرییەکەی زمانی فارسییە و هەر دەشبێ زمانی فارسی بێ.

خاڵێکی دیکەی جێگای لەسەر وەستان لەم ماددەیەی دەســـتووری وڵاتـــدا، ئەوەیە کە مافی خوێنـــدن بـــەو زمانانە لە قوتابخانـــە، بە فەرمی نەناســـراوە و دانـــی پێدانەنراوە، بەڵکـــوو وتراوە «خوێندنـــی ئەدەبییاتی ئەو زمانانە لەتەنیشـــت زمانی فارســـی» ئـــازادە. ئەمـــەش زۆر جیاوازە لە مافـــی خوێندن بە زمانە غەیرەفارســـییەکان لـــە قوتابخانـــەدا. چونکە «ئازادبوونـــی خوێندنی ئەدەبییاتی ئەو زمانانە لەتەنیشت زمانی فارسی» ئەرکی دابینکردنی پێداویســـتییەکانی خوێندن بەو زمانانە ناخاتە ســـەر دەســـەڵاتی وڵات. ئەم ماددەیەی دەستوور تەنیا ڕێگە بە کەلکوەرگرتن لەو زمانانە لە چاپەمەنی و، خوێندنی ئەدەبییاتی ئەوان لـــە قوتابخانەدا، دەدا. ئەمەش زۆر جیاوازە لـــە ئەرکدارکردنـــی دەســـەڵات و سیســـتەمی دەســـەڵاتدارەتی و وەزارەتـــی پـــەروەردە و فێرکـــردن بە گۆڕینـــی سیاســـەتی تاکزمانی و

قبووڵکردنـــی بە ڕەســـمیی فەرزمانـــی و، دابین کردنی پێویســـتییەکانی خوێندن بەو زمانانە کە چاپی کتێبی خوێندن بـــەو زمانانە، پەروەردە و پێگەیاندنی مامۆستای تایبەت و کۆمەڵێک شتی دیکە دەگرێتەوە. «ئـــەو دوو ماددەیەش بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە کە ددان بەوەدا نراوە کە زمانی کوردی یان زمانـــی تورکیی ئازەربایجانی یان بەلووچـــی دەکرێ بۆ پـــێ خوێندن بەکار بهێندرێن. لەوێدا باســـی ئەوە کراوە کە هاوشانی زمانی فارســـی ئەو زمانانەش دەکرێ ئەدەبیاتی خۆیان بەکار بهێنن. هەر لەبەر ئەوەشـــە لەگەڵ ئەوەشـــدا کە دەگوتـــرێ ئەو مادانـــە جێبەجێ نەکراون، بەڵام لە پراتیکدا کراوە، هەم نەشـــرییە هەیە بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی، بە کوردیش هەیە. دەمەوێ بڵێم ئەو تەسەورە نابێ بێتە گۆڕێ کە لە چوارچێوەی ئەو مادانەدا دەکرێ مەسەلەی زمانی جێبەجێ بکرێ.» (قازی، ٢٠١٧)

ســـێهەم خاڵ لەو پێوەندییەدا کە شـــیاوی باســـکردنە، پشـــتگوێخرانی تەنانـــەت ئەوەنـــدە مافـــە کەم و کرچوکاڵ و ناتـــەواوەی پێوەندیدار بە زمانە غەیرەفارســـییەکانی ئێرانە. ســـەرەڕای داواکاریی بەردەوامی جموجۆڵـــە مەدەنییەکانی ڕۆشـــنبیران و چالاکانی مەدەنیی کوردســـتانی، ئازەربایجانی، بەلووچســـتانی، عەرەبی خوزستانی و هتد بۆ خوێندنی منداڵانیان بە زمانی دایکییان و پێداگرییـــان لانیکەم لەســـەر ئـــەو ماددەیەی دەســـتوور، هەتا ئێستاش، دەســـەڵاتی سیاسیی وڵاتی ئێران، ئامادە نەبووە تەنانەت نیوەڕۆکی ئەم ماددەیەش بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ٢: سیاسەتی تاکزمانی، لەنێوان پێداگری و دژایەتیدا

لـــە ئێرانـــی ســـەردەمی دەســـەڵاتدارەتیی کۆمـــاری ئیســـلامیدا، هیـــچ هەوڵیکی جیددی بـــۆ چاوخشـــاندنەوە بـــەو سیاســـەتە زمانییـــە ســـەرکوتکەرانە و لەمێژینەیە نەدراوە. لە ئاستی مەجلیسی ئێران، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەتدا، ئەم پرســـە نەخراوەتە دەســـتووری کار و بە شـــایانی ئەوە نەزانراوە، قســـەی لەسەر بکرێتەوە. پەسندکراوەکانی دەوڵەتی و حکومەتی لەو پێوەندییەدا هەر وەک خۆیان ماونەوە.

## ٢-١ مکـــوڕ بوونـــی دەســـتوور و دەزگا پێوەندیدارەکانی وڵات لەســـەر سیاسەتی تاکزمانی

بۆ ناســـینی سیاســـەتی زمانیی دەوڵەتێک دەبێ بڕوانینە بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتە لەبارەی زمان کە لە بەڵگەنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. دەستووری وڵات گرنگترین بەڵگەنامـــەی هەر وڵاتێکە. ئەو مـــاددە و بنەمایانـــەی کـــە دەربـــارەی زمان لە دەســـتووری وڵاتدا هەن، یەک لـــە پێوەرەکانی ناسین و هەڵسەنگاندنی سیاســـەتی زمانیی ئەو وڵاتـــەن. پێڕەوی نێوخـــۆ و پەســـندکراوەکانی دامـــەزراوە پێوەندیدارەکانیش بـــۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور، بەتایبەتی فەرهەنگستانەکان، پێوەرێکی دیکەیە. لە ئێـــران چەند بەڵگەنامەی دیکەش هەن کە درێـــژە و تەواوکەری ڕوانین و سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی لەمەڕ پرسی زمانن. لێـــرەدا هەوڵ دەدرێ بە کورتی ئاماژە بە ژمارەیەک لەو دامەزراوانە و پەســـندکراوەکانیان بکرێ:

لە دەستووری وڵاتی ئێراندا ٣ ماددە هەن کە پێشاندەری سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامین. ماددەکانی ١٥ (کە لە ســـەرەوە ئاماژەی پێدرا) ماددەی ١٦ و مـــاددەی ١٩. ماددەی ١٦ ئاماژە بـــەوە دەکا «بەو هۆیـــەوە کە زمانـــی قورئان و مەعاریفـــی ئیســـلامی، عەرەبییـــە و ئەدەبیاتی فارســـی بە تەواوی لەگەڵیـــان تێکەڵاو بووە، ئەم زمانە دەبێ پاش قۆناغی سەرەتایی هەتا کۆتایی قۆناغـــی ناوەندی لە هەموو پۆلەکان و لە تەواوی لقەکاندا بخوێندرێ.»

لە ماددەی ١٩یشدا هاتووە: «خەڵکی ئێران لە هەر قـــەوم و هۆزێک بن، مافی وەک یەکیان هەیە و ڕەنگ، نەژاد، زمان و شـــتی لەو چەشنە نابن بە هـــۆی ئیمتیاز». ئەگەر لە ماددەی ١٥ی ئەو قانوونەدا، فارسی، وەک زمان و خەتی ڕەسمی

و هاوبەشی خەڵکی ئێران پێی لەسەر داگیرابوو و تێیدا هاتبوو کە «بەڵگەنامەکان و نامەنووسین و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبەکانی خوێندن دەبێ بەو زمان و خەتە بن»، لە ماددەی ١٦هەمیشدا، زمانی عەرەبی، بەو هۆیەوە کە زمانی قورئان و مەعاریفی ئیسلامییە، پلەی دووهەمی گرنگی پێدرانی لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. (قانون اساسی جمهوری اسلامی، ١٣٦٨: ٧-٦)

بەڵام زمانی نەتەوە غەیرەفارسەکانی ئێران، کە زۆربەشیان لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانن، لە دەستووری وڵاتدا، وەک زمانی خۆجێیی و قەومی چاویان لێکراوە و تەنیا «بوونی چاپەمەنی بەو زمانانە و خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانە لەتەنیشت زمانی فارسی» ڕێگەی پێ دراوە.

فەرهەنگستانەکان بەتایبەتی فەرهەنگستانەکانی تایبەت بە زمان لە هەموو وڵاتان لەو دامەزراوانەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی زمانیدا هەیە. ئەوان بۆ بەرنامەداڕێژیی زمانی ڕادەسپێردرێن و مافی بڕیاردان لەبارەی پرسە زمانییەکانیان پێ دەدرێ. «فەرهەنگستانی زمانی فارسی» لە ئێران کە مێژوویەکی ١٠٠ ساڵەی هەیە، گرنگترین دامەزراوەی بەرنامەدارشتنی زمانییە. ئەو فەرهەنگستانەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، فەرهەنگستانی سێهەمە(فەرهەنگستانی یەکەم هی سەردەمی موزەففەرەدین شای قاجار و، فەرهەنگستانی دووهەمیش هی سەردەمی ڕژێمی پەهلەوی بوو) و ساڵی ١٣٦٩(١٩٨٠) دوای ١٣ ساڵ داخران، بەرنامەدارشتنی زمانیی دەست پێ کردەوە.» ئامانجەکانی ئەو فەرهەنگستانە بریتین لە:

١ پاراستنی بەهێزی و ڕەسەنایەتیی زمانی فارسی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەییی ئێران و زمانی دووهەمی جیهانی ئیسلام و هەڵگری مەعاریف و کولتووری ئیسلامی؛

٢ پەروەردەکردنی زمانێکی خاوێن و گەیەنەر بۆ دەربڕینی هزرە زانستی و ئەدەبییەکان و پیکهێنانی هۆگری بە «مآثر»(شتە باشەکانی) مەعاریفی مێژوویی لە نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتوودا؛

٣ برەوپێدانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی و بەرینکردنەوەی پانتاییی قەڵەمڕەویان لە نێوخۆی وڵات؛

٤ پێکهێنانی هەوێنی هەوڵدان و کرانەوە لە زمانی فارسیدا بە گوێرەی پێویستییەکانی سەردەم و ژیان و پێشکەوتنی زانست و هونەرە مرۆییەکان وێڕای پاراستنی ڕەسەنایەتییەکەی؛ (اساسنامه فرهنگستان زبان و ادب پارسی)

لە بەشی ئەرکەکانی ئەو فەرهەنگستانەش لە پێڕەوی نێوخۆیدا ٩ ئەرک گونجێندراون کە بە پێی ئەوان، فەرهەنگستان، هیچ ئەرک و خزمەتێکی زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێرانی نەخستووەتە سەرشانی خۆی. تەنیا لە یەکێک لەو ئەرکانەدا ئاوڕ لە «زمانە خۆجێییەکان» دراوەتەوە، ئەویش وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردن و خزمەتی زمانی فارسی:

«کەڵکوەرگرتنی دروست لە زمانە خۆجێییەکان(لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران) بە مەبەستی بەهێزکردن و تەیارکردنی ئەم زمانە و دەوڵەمەندکردن و بەرینکردنەوەی پانتاییی ئەرکەکانی؛» (سەرچاوەی پێشوو)

## ٢-٢ جۆر و شێوازەکانی دژایەتی لەگەڵ زمانە غەیرەفارسییەکان

دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی دیکەی ئێران، وێڕای ڕێگەنەدان بە خوێندن بەو زمانانە، بە شێوەی جۆراوجۆر دژایەتیی بووژانەوە و گەشەکردنی زمانە غەیرەفارسییەکان دەکەن.» ئاستەنگەکانی زمانی کوردی لە ئێران لەسەر پلەبەندییەکی ناهاوشانی زمانەکان، دەسەڵات و بەکارهێنانی سەرچاوەکان دامەزراوە و زۆر بە چڕی پێوەندییان بە سیاسەتی داگیرکاریانەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە هەیە و کۆمەڵێک هۆکاری لێکگرێدراو بە ئایدۆلۆژیای زمانیی داگیرکاریانە تێوەی گلاون.» (سورخی،٢٠١٩: ٦١)

ئەگــەر زمانێــک -وەک زمانــی کوردی، لە ئاکامی خەبــات و پێداگریــی ئاخێوەرانیدا- دەرفەتێکی بۆ بڵاوکردنەی چاپەمەنی بەو زمانە بۆ ڕەخساوە، یا ڕێگەی پێ دراوە بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنیــی پێ بڵاو بێتەوە، بە ئەنقەســت سیاســەتێکی مەبەســتداریان لــە چۆنیەتیــی بەکارهێنانیــدا گرتووەتــە بەر کــە ئامانجەکەی لاوازکردن و دابەزاندنی ئاســت و ســەنگی ئەو زمانەیە.

«بە هاتنە ســەرکاری حکومەتی ئیســلامی لــە ئێراندا، حکومەت هەوڵــی دا، وا بنوێنێ کە زمانی کوردی بەگشــتی، شــاعیرانە، گوندی و فۆلکلۆرییــە و لــەم ڕوانگەیەوە پشــتگیریی لە جۆرێکی تایبەت لە فرەزمانی کردووە. بۆ نموونە لە کوردستان بە دانی ئیمتیازی فەرهەنگی وەک دامەزراندنی ناوەنــدی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتیشــاراتی ســەلاحەدینی ئەیووبــی)، گۆڤاری «ســروە» و چەند گۆڤارێکی دیکــە (ئاوێنە، ئامانــج و..)، کە لــە ناوەڕۆک و ســتافی نووسەرانی، زۆر لە ســروە جیاواز بوون، لەلایــەک، زمانی کوردی تەنیا لە بوارە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکەیدا ســنووردار بکات (بە شێوەیەک کە تەنیا ڕێگە بە بابەتە فەرهەنگی، ئەدەبییەکان بدا بە شێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵکراو)، و لەلایەکی دیکەوە، نیگەرانییەکانی ڕۆشــنبیران و ئەدیبانی کــورد و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشــی لەمەڕ ڕەچاوکردنــی مافی زمانی کەم کردبێتەوە. بەڵام لەڕاســتیدا، مەبەســتی ئەوە بوو ئــەو توێژە لەو هێزە سیاســییانەی هەوڵی مسۆگەرکردنی مافی نەتەوەییــی کوردییان بە شــێوەیەکی سیاســی دەدا، دوور بخاتەوە، یــان هەر نەبێت ئەم بابەتە لە ئاســتێکی فەرهەنگیی کاناڵیزەکراودا کۆنترۆڵ بکات. » (سورخی،٢٠١۶)

هەڵبەت ئەمە بەو مانایەش نییە کە لە شیعر یان ئەدەبدا بەرگری نییە، یان لێرەیشدا ڕەوتەکە تەواو بەو ئاراســتەیە ڕۆیشــتووە کە دەسەڵاتی ناوەندی بە شــێوەیەکی «هێژێمۆنی» مەبەســتی بووە، چونکە هێژێمۆنیــش بەرگری و مقاومەتی بەرانبەر دروســت بووە و، کورد و ئەدیبانی کورد تا ڕادەیەک ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە.

ئامانجــی سیاســەتی ڕێگەپێدانــی بوونــی چاپەمەنیــی کۆنترۆڵکراوی کــوردی لە بنەچەدا وڵامدانەوەیەکــی لانیکەمی بە داوا و چاوەڕوانییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی خەڵک و، لە ئاکامدا دوور خســتنەوەیان لە حیــزب و ڕێکخراوەکانی کوردیی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە، نەک سیاسەتێکی زمانیی دیموکراتیک و سەردەمییانە. هەربۆیــە لەپەنــا ئــەم سیاســەتە ڕواڵەتــی و فریوکارانەیەدا، دژایەتیکــردن لەگەڵ بە فەرمی ناســین و برەوپێدرانی زمانەکە لە ئاست و بواری جیاوازدا، بە زۆر شــێوە درێــژەی هەبووە. ئەم جۆرە سیاسەتە «لەســەر زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەیش، تەواو بێ کاریگەری نەبووە. ئەم تەسککردنەوەی زمان، بەدوور لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانــی ســەردەمی قســەپێکەرانی زمانەکە، بووە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی زاراوەی کــەم (بەتایبەتی لە ئاســتی زاراوە زانســتی و تەکنیکییەکان)، کە لەسەر ڕەچەڵەکی فەرهەنگی کشتوکاڵی دامەزراوە، جیاوازییە ناوچەیی‌یەکان، نفووزی بەهێــزی زارە ناوچەیی‌یەکان، یاســای ڕێزمانــی نەمیو (نەنووســرانەوەی بە شــێوەی ڕێزمانێکی ستاندارد)، ببنە تایبەتمەندیی ئێستای زمانی کوردی لەم سەدەیەدا.» (سەرچاوەی پێشوو)

جۆری هەڵســوکەوتی کاربەدەستان لەگەڵ بەکارهێنانــی زمان و دیالێکتە جیــاوازەکان لە ڕادیــۆ و تەلەفیزیۆنــی پارێزگــە و ناوچەکانــی نەتەوە بندەســتەکانی ئێراندا، جێــگای تێرامانە. بەرنامەڕێژیــی ئــەو دەزگایانە بــۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامــە بــە زمانــی کــوردی ئــەو بۆچوونە دەســەلمێنێ کە لە ناوەنــدەوە ئەرکدار کراون، هۆشــیان بەسەر سیاســەتی تاکزمانیی ئێرانەوە هەبــێ. بەو واتایە کە جۆرێــک نەجووڵێنەوە کە خزمەتی یەکگرتوویی زمانە غەیرەفارســییەکە و بەهێزبوونی پێگــەی زمانەکە لای ئاخێوەرانی بکەن و بەم جۆرە، داهاتووی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران بخەنە مەترسییەوە.

«حکومــەت لــە ناوەنــدی پارێــزگاکان تەلەفیزیۆنی بە زمانی کوردی کردووەتەوە، بەڵام ئــەم تەلەفیزیۆنانــە نەک خەڵک فێــری زمانی کوردی ناکەن، بەڵکوو جۆرێک لە زمانی کوردی پەرە پێدەدەن کە پڕیان کردووە لە وشەی فارسی، بە جۆرێک ئەگەر بێتو کەسێک فارسیزمان کە هیچ لە کوردیش نەزانێت، بەبێ کێشە لەو زمانە کوردییــەی تەلەفیزیۆن و میدیــا کوردییەکانی حکومەتی ئێران تێدەگات. بینەرێکی فارســزمان کە کوردی نازانێت ... کاتێک بە ڕێکەوت سەیری کەناڵەکانی ســنە و کرماشــان و ئیلام دەکات، بەبــێ هیــچ کێشــەیەک هەمووی تێــدەگات، چونکە هەموو وشــەکانیان فارســین بەڵام وشە فارســییەکان بە شــێوەی کوردی دەخوێننەوە.» (پەیسەرپرێس، ٢٠١٧)

هانــدان و وەخەبەرهێنانــی هەســتی ناوچەگەرێتــی و زاراوەگەرێتی لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زمانە غەیرەفارسییەکانی دیکەدا، ڕێگەیەکــە بۆ بــە ئامانجگرتنــی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیــی نێــوان تاکەکانی ئــەو نەتەوانە و لاوازکردنی. کاربەدەســتان بەم ڕێگایە دەیانەوێ پێش بــە پێکهاتنی زمانی ســتاندارد لەنێویاندا بگرن، یــا ئەگەر وەک نەتــەوەی کورد خاوەنی زمانی یەکگرتوو و ستانداردن، لە دەوری ئەو زمانە ســتانداردە کۆ نەبنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە فەرهەنگستان و دامەزراوەکانی دیکەی پاراستن و خزمەتی زمانی فارسی، بڕیار و ڕێوشوێنی تایبەت لە پێناوی باڵادەســتیی زمانی «معیار»ی فارسی پەسند دەکەن.

«حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی دەستوور پرۆژەیەکی ئامادە کردووە کە بەپێی ئەم پرۆژەیە هەر ناوچەیەک و گەڕەکێک و گوندێک بە بنــزاراوەی خۆیــان بخوێنن، بــۆ نموونە لە شــارێکی وەک سەقز کە چوار ناوچەی جیاوازی گەورک و تیلەکۆ و موکریان و سەرشــیوی هەیە و هەر کام لــەو ناوچانــە بنزاراوەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەپێــی پرۆژەکەی حکومەت لە ســەقز بە چوار بنزاراوەی جیاواز ڕێگە دەدرێت منداڵان فێری زمانی کوردی بکرێن. ئەم پلانەی حکومەت مەترسییە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەگەر مەبەســتی حکومەت گرنگیدان بە بنزاراوەکانە، بۆچی ڕێگە نادات لە ناوچە فارسەکانیش خەڵک لە هەر ناوچەیەک بە بنزاراوەی خۆیان بخوێنن؟» (شەجیعی، سەرچاوەی پێشوو)

بەدگومانــی دەربــارەی ئــەو دەرەتانــە ســنووردارانە کە لــە چوارچێوەی سیاســەتی زمانیــی کۆماری ئیســلامیی ئێراندا بــۆ زمانە غەیرەفارســییەکان، یەک لــەوان زمانی کوردی پێــک هاتوون، لایەن و ڕەهەنــدی جۆراوجۆری هەیە. تەنانەت لە ئاســتی کەسانی ئەکادیمی و شــارەزای زمانی کوردیدا، جۆری هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی ســەر بە حکومــەت لەگەڵ ئەو زمانانە، نیشانەی پرســیاریان خراوەتە سەر و بە «زمانکوژی» ناودێر کراون. دابەزاندنی سەنگی ئەو زمانانــە تا ڕادەی زمانێکی بێ پێز و نەگونجاو بۆ کاری ئەدەبی و زانستیی سەردەم، وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سیاســەتە زمانییە ســەیری دەکــرێ. « تەلەفیزیۆنــە کوردییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاستی زمانی کوردییان دابەزاندووە و لە بەرنامەکانیاندا کلتووری کوردی وەک کلتوورێکی دواکەوتوو نیشان دەدەن، ...تەلەفیزیۆنی ئیلام لە بەرنامەکانیــدا بنزاراوەیەکــی ئیلامی تێکەڵ بە زمانی فارســی دەکات و بەم شێوەیە ئەم کەناڵە هەوڵــی تێکــدان و لاوازکردنــی زمانی کوردی دەدات.» (بازئەفکەن، سەرچاوەی پێشوو)

لــە حاڵێکدا ڕێنووســی زمانی کــوردی بە ئەلفوبێی ئارامی لە ڕێنووسی فارسی و نووسینی ئەو زمانە بە ئەلفوبێی ئارامی زۆر بێ کێشــەترە و، لــەم بارەیــەوە زمانی کوردی ڕێنووســێکی سەقامگیری هەیە، لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی ئێراندا بە ئانقەســت کوردی بە ڕێنووسی فارسی دەنووســن! هۆگران و شارەزایانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان پێیان وایە ئەم جۆرە هەوڵانە بەرێکــەوت نین. بەڵکــوو هەوڵێکن بۆ تێکدان و بەلاڕێدا بردنــی زمانی کوردی. ئەوان لــەو بــاوەڕەدان هەندێک ناوەنــدی ئەمنییەتی

لەپشت ئەم جۆرە هەوڵانەن و، ئامانجیشیان تێکدان و لە خشتەبردنی زمان و ڕێنووسی کوردی و سووککردنی و دوور خستنەوەی خەڵکە لە فێربوونی ئەو زمانە. «دکتۆر بەختیار سەجادی نووسەر و شارەزای زمانی کوردی تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی حکومەت بە زمانکوژ ناو دەبات و دەڵێت ئەم کەناڵانە نەک کار بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی ناکەن، بەڵکوو ناوەرۆکەکەیان بریتییە لە هەندێک شتی گاڵتەجارانەی کە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەورووپا لە شانۆکاندا بەڕێوە دەچوو.» (پەیسەر، ٢٠١٧)

ڕێگریکردن لە دانانی ناوی کوردی و هەروەها ناوی وەرگیراو لە زمانە غەیرەفارسییەکانی دیکە لەسەر کەلوپەلی بەرهەمهێنراو یا لەسەر ناوی دوکان و پاساژ و شوێنی جۆراوجۆری دیکە، تەنانەت کۆسپ دروستکردن لەبەردەم دانانی زۆرێک لەو جۆرە ناوانە لەسەر منداڵان، ڕوویەکی دیکەی ئەو دژایەتییەی دەسەڵاتداران لەگەڵ برەوپەیداکردنی وشەی ئەو زمانانە و پەلهاویشتنیان بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە سەرانسەرییەکانی ئێرانە. لە کاتێکدا لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بە ویستی ڕێبەران و کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە، بە هەزاران وشە و دەستەواژەی دیکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونە نێو زمانی فارسی، وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی کوردی، بەلووچی و لوڕی و هتد و دانانیان وەک ناو لەسەر شەقام و مەیدان و کۆڵان و دوکان و بنکە و ناوەندی کولتووری، دژایەتیی لەگەڵ دەکرێ و، تابلۆی ناوەکان لە لایەن «ادارە اماکن» کۆ دەکرێتەوە. هەروا بزانە عەرەبی، زمانێکی ئێرانییە و، زمانەکانی کوردی، بەلووچی و لوڕی، غەیرەئێرانین یا ئاخێوەرانیان ئێرانی نین. «گۆڕینی ناوی کوردیی ژمارەیەک لە گوندەکان، کانیاوەکان، کێوەکان و شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و دانانی ناوی غەیرەکوردی لە جێگایان، هەوڵێکی دیکەی کاربەدەستانی ئێرانە کە ئەگەر مەبەستی گۆڕین و شێواندنی دێمۆگرافیی ناوچە کوردستانییەکانیشی لەپشت نەبێ، سڕینەوەی بەرەبەرەی ناوە کوردییەکان و جێگیرکردنی ناوی غەیرەکوردی لەجێی ئەوانی مەبەستە.» (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ٢٠١٧)

جەوهەر و نێوەرۆکی ڕەگەزپەرستانە و تاکزمانیی سیاسەتی زمانیی دەسەڵاتی ئێران ئەو کاتە بێ پەردەتر خۆی دەردەخا کە پرسی خوێندن بە زمانە غەیرەفارسییەکان، لەژێر گوشاری ئەو نەتەوانەدا، بەرەورووی مەجلیس و سەرۆککۆمار و دەوڵەت دەبێتەوە و لە باس و بەڵێنی هێندێک نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسانی دەوڵەتیدا جۆرێک نەرمی نواندن و ڕووی خۆش بەو داوایانە نیشان دەدرێ. لەم جۆرە کاتانەدا فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی پارسی دەبێتە پێشەنگی دژایەتی لەگەڵ ئەو جۆرە نەرمی نواندنانە و، وریایی دەدا بە گەورە کاربەدەستان. ئەندامانی ئەو فەرهەنگستانە ئەم جۆرە داوایە، بە «وارداتی»(لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتوو)، مەترسی بۆ سەر زمانی فارسی و پیلان بە مەبەستی لاوازکردنی، مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران و گەڕانەوە بۆ دواوە و ملدان بۆ دواکەوتوویی دەناسێنن:

«گومانم نییە کە ئەو باسە لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ ئێران هاتووە. پێشتر ئەم مەسەلەیە لە هیندوستان لەلایەن ئینگلیزەوە تاقی کرایەوە و ئەمڕۆش ئینگلیز و وڵاتانی باکووری ئێرانن کە دەیانەوێ ئەم پرسە بخەنە نێو ئێران. باشترین ئامراز بۆ ڕاگرتنی نەتەوەیەک لە دواکەوتوویدا، کەمتەرخەمی لە ئاست زمانەکەیەتی. ئەگەر بمانەوێ زمانەکانی دایک وەک زمانی زانستی و فێرکردن بەکار بێنین، بە دڵنیاییەوە دەگەڕێینە دواوە کە ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و بۆنی پیلانی لێ دێت.» (موجتەبایی، ٢٠١٤)

«ژمارەیەک وا بیر دەکەنەوە کە هۆگری بە قەومییەتێک واتە خوێندن بە زمانی ئەو قەومە، بەڵام ئەمە بابەتێکی زۆر مەترسیدارە. ئێمە لە ئێران شانسمان هەبوو کە فیردەوسێکی گەورە توانیوێتی بناغەیەکی مەحکەم بۆ زمانی فارسی پێک بێنێ و ئەمڕۆ ئێمە لەتەنیشت دینی ئیسلام

شـــانازی بە زمانێکـــی وەها دەکەین.» (نیســـاری، ٢٠١٤)

پێـــوەری فێرکاریی فەرهەنگســـتانی زمان و ئەدەبی فارسی، زمانی پێوەر(معیار)ە. دیارە زمانی دیکەش هـــەن کە جێگەیان ڕوونە، بەڵام ئەوەی دەبێ پێی بخوێندرێ، زمانی فارســـییە... نەکا لە کیســـەی ســـامانە نەتەوەیی‌یەکانی وەک زمانی فارســـی بۆ ســـەرکەوتنە کاتی و بێ ئاکامەکانی ئـــەم باڵە و ئەو باڵ، خەرج بکەین.» (حەدداد عادل، ٢٠١٤)

## ٢- ٣ ناکامیـــی سیاســـەتی تاکزمانی لە پێکانی ئامانجەکانیدا

سیاســـەتی تاکزمانی هەر لە سەردەمی ڕەزاشاوە تا ئێستا لە خزمەت ئایدۆلۆژیای بنیاتنانی «یەک وڵات - یـــەک نەتەوە»دا بـــووە. وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، ســـڕینەوەی شوناســـی جۆراوجۆری نەتەوەیـــی و زمانـــی و، وەک یـــەک لێکردنـــی دانیشـــتووانی ئێرانی پێویســـت بووە. بۆ ئەوەی دانیشـــتووانی ئێران لە «نەتـــەوەی ئێران»دا قاڵ ببنەوە و، ئـــەو نەتەوەیەش خاوەنی یەک زمان-زمانی فارســـی - بێت، تواندنـــەوەی زمانەکانی دیکە لە زمانی فارسیدا یا سەرکوت و لاوازکردن و پشتگوێخســـتنیان لـــە پێنـــاوی باڵادەســـت هێشتنەوەی زمانی فارســـیدا، هەروەها بەسەردا سەپاندنی شوناسی نەتەوەیی بە زۆر دروستکراوی ئێرانی بە سەریاندا، بە ئاسایی و سروشتی زانراوە.

١٠٠ ســـاڵی تەواوە زمانە غەیرەفارسییەکانی ئێران لە سۆنگەی ئەو ئایدۆلۆژیایە و مەزنیخوازیی نەتەوە و زمانی فارســـیدا، ســـەرکوت دەکرێن و پشتگوێ و پەراوێز دەخرێن. « ئێران، نیشتمانێکی خـــاوەن زۆر جۆراوجۆریـــی نەتەوەیی، قەومی و زمانییە. جۆراوجۆرییەک کـــە زیانێکی زۆری لە ئەزموونی ســـەد ساڵ سیاســـەتی یەکسانکردن دیتووە. ئێستا و بە بەراورد لەگەڵ سەد ساڵ لەوە پێش، ژمارەیەک زمان و دیالێکتی باوی ئێران بە هۆکاری جیاواز لەنێو چوون یا لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون بەرەوڕوون.» (عەلەوی، ٢٠١٤)

١٠٠ ســـاڵە ئەوەندەی زمانی فارسی پشت ئەســـتوور بە یاســـای وڵات، سیاســـەتی زمانی و ســـەرچاوەی دارایی و ئیمکاناتـــی بێ دریغی دەسەڵات، خزمەتی دەکرێ و بواری گەشەکردن و پەرەگرتنـــی بـــۆ دەرەخســـێندرێ، لەو ١٠٠ ســـاڵەدا هەر بەو ڕادەیـــەش دژایەتیی زمانەکانی دیکە کراوە. خەسارناســـی و بەراوردی ئەو زیانە زۆرانەی زمانە غەیرەفارسییەکان، لە سۆنگەی ئەو سەرکوتە زمانییە تووشیان هاتووە، بەدواداچوون و توێژینەوەی تایبەت و تێر و تەسەل، دەخوازێ. زمانی فارســـی، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و وەزارەتی خوێندنی باڵا و فەرهەنگســـتانی زمان و ئەدەبیاتی فارســـی و ســـەدان زانکۆ و دەیان دامـــەزراوەی تایبەتیـــی دیکـــەی هـــەن کە بە شێوەیەکی بەردەوام خزمەتی دەکەن، قامووسی وشـــەکانی دەوڵەمەنـــد دەکـــەن، توێـــژەران و زمانەوانان بۆ توێژینەوەی زانست دەربارەی بوار و ئاستە جیاوازەکانی ڕادەسپێرن، زمانەوان و کادیر و شارەزای تایبەت بۆ خزمەتکردن و نوێکردنەوە و، مەیدانداریـــی زمانەکـــە لە ئاســـتی جیهانیدا پێدەگەیەنن. بەڵام زمانە سەرکوتکراوەکان، بێجگە لە هۆگریی ئاخێوەران بە زمانەکەیان و خزمەتی دڵسۆزانە و خۆبەخشـــانەی ژمارەیەکی سنووردار زمانـــەوان، توێـــژەر، فەرهەنگنووس، نووســـەر، وەرگێر، شـــاعیر و هتـــد، ئیمکانێکی وایان نییە. بەو حاڵەشەوە ئەو جۆرە کەسانە بەردەوام لەگەڵ هەڕەشـــەی گرتن و لێپێچینەوەی کاربەدەستان بەرەوڕوون.

گرتن و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیران، نووسەران، زمانەوانـــان و چالاکانـــی کولتووریـــی نەتـــەوە غەیرەفارسەکان، بەتایبەتی کوردەکان و، کەند و کۆســـپ دروستکردن بۆ مامۆستایان و فێرکارانی زمانی دایک و، ڕێگری لە تێکۆشان و خزمەتیان بـــە زمانەکەی خۆیـــان، لایەنێکـــی دیکەی ئەو ســـەرکوتە زمانییەیە کە کاربەدەستان هیچ کات لێی غافڵ نەبوون. هەڵوەشـــاندنەوەی ئەنجومەنە کولتوورییـــەکان لـــە شـــارەکانی کوردســـتان، داخستنی گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان، ڕێگری

و کۆسپ ساز کردن بۆ خوێندنگەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی، بانگکردنی چالاکانی بواری خزمەتی زمانی کوردی بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دروستکردنی پەروەندە(دۆسیە) بۆیان بووە بە شتێکی ئاسایی. «ئەم ڕەوتە بۆ دوو پارێزگەی کرماشان و ئیلامیش پەلی هاویشتووە. بەتایبەتی دوای گەشـانەوەی هەستی نەتەوەیی و شوناسـخوازانەی خەڵک لـەو دوو پارێزگایە و ناکامیی کۆماری ئیسـلامی لە دنەدانی هەستی ئایینیی ئەو خەڵکە کە زۆرایەتییەکەیان شـیعە مەزهەبـن، ئەو گرتـن و ڕاوەدوونانەی چالاکانی بواری زمان و ڕۆشنبیری زیادی کردوە.»(قورەیشی، ٢٠١٩) ئەم گوشارهێنان و بەربەست دروستکردنە تەنانەت گەیشتووەتە شار و ناوچە کوردنشینەکانی خوراسانی باکووریش.

داوای خوێندن بە زمانی دایک و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی بەرانبەر سـتەم و سـەرکوتی زمانی، لەنێو هەموو نەتەوە غەیرەفارسـەکاندا لە زیادبووندایە. لە گۆڤار و بڵاوکراوە و ماڵپەڕەکانی چالاکانـی کولتووریـی سـەر بـەو نەتەوانەدا، هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر نووسین، داواکاری، توێژینەوە و، بابەت لەبارەی سەرکوت و هەڵاواردنی زمانی بڵاو دەبنەوە. هەموو سـاڵێ لە سـەروبەندی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیدا، چالاکیی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە زانکۆکانی وڵاتدا، لەلایەن مامۆسـتایان، خوێندکاران، نووسـەران و تێکۆشـەرانی دیکەی بـواری کولتووریی ئەو نەتەوانەدا وەڕێ دەخرێن کە نێوەرۆک و پەیامی سـەرجەمیان نارەزایەتی دەربرین لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسـلامی و پێداگرتنەوە لەسەر مافە زمانییەکانـی خۆیانە. بزووتنەوەی داوای بە فەرمی ناسـینی زمانە غەیرەفارسییەکان و مافی خوێندن بەو زمانانە، بە ڕادەیەک پەرەی گرتووە کە بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆماری و مەجلیسـی ئێران، بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەنێو نەتەوە غەیرەفارسـەکان، ئاوڕ لـەو داواکارییانە دەدەنەوە و بەڵێـن دەدەن ئەگەر لە هەڵبژاردندا سـەر بکەون، بۆ جێبەجێکردنیان تێ بکۆشـن.

بەڵام هەتا ئێسـتاش سیاسـەتی زمانیی ئێران هـەروا نەگۆڕ ماوەتـەوە و کەمتریـن ئامادەیی بۆ چاوپێداخشـاندنەوەی لە دەسـەڵاتی ئێراندا، بەدی ناکرێ. ئەمـەش وای کردووە، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر «هەسـتی خۆ بە ئێرانیزانین»ی نەتەوە غەیرەفارسـەکان هەبێ و«ئێرانیبوون»ی خۆیان لەگەڵ بێبەشـی لە مافە زمانییەکانیان و سەرکوت و سڕانەوەی شوناسی نەتەوەییی خۆیان بە یەکسان بزانن.

### ئەنجام

١ ئێران وڵاتـی «یەک نەتـەوە و یەک زمان» نییە، وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە. ئایدۆلۆژیای بە زۆر و سـاختەکاری دروسـتکردنی «نەتەوەی ئێرانی» کە زمانەکەی فارسـییە، هەتا ئێسـتاش وەک سەرچاوەی دەسـتوور و یاساکانی وڵات و سیاسـەتە بنچینەییەکانی دەسەڵات ماوەتەوە، لەسـەر بناغەی سڕینەوەی شوناسـی زمانی و نەتەوەییی پێکهاتە غەیرەفارسەکان دامەزراوە.

٢ سیاسـەتی زمانیـی ئێـران، سیاسـەتێکی تاکزمانییـە و جەوهەرێکـی سـەرکوتکەرانە و چەوسـێنەرانەی هەیە. ئەو سیاسەتە نە دەگەڵ ڕاسـتییەکانی پێوەندیدار بە پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانـی ئێـران دەگونجێ، نە لەگـەڵ ڕۆحی سـەردەمییانە و دیمۆکراتـی و دادپەروەرانەی پەسـندکراوە جیهانییەکانـی تایبـەت بە مافی مرۆڤ و مافە زمانییەکان.

٣ گۆڕانی ڕێژیمی سیاسـی لە ئێران، نەبووەتە هـۆی پێکهاتنی گۆڕان لەو سیاسـەتە زمانییەدا کە بۆ سـەدەیەک دەچێ نەتەوە غەیرەفارسەکان بەدەسـتییەوە دەناڵێنـن. ئـەم ڕاسـتییەش دەیسـەلمێنێ کە ڕێژیمە سیاسـییەکانی ئێران، پاشـایەتی بن یا کۆماری، لائیـک بن یا دینی، دانانان بە فرەنەتەوەیی و فرەزمانیی پێکهاتەکانی ئێـران و بە ڕەسـمی ناسـینی مافەکانیان، بە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەییی ئەو وڵاتە دەزانن و دژ بەم ویستە ڕەوایە دەوەستنەوە.

٤ سـەرەڕای مکوڕبوونی دەسـەڵاتی سیاسیی

وڵات لەسەر سیاسەتی تاکزمانی و پشتبەستنی بە سەرکوت و دەمکوتی داواکاران و خوازیارانی مافە نەتەوەییی و مافە زمانییەکان، داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانە غەیرەفارسییەکان، لە ڕیزی پێشەوەی ویستەکانی بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکان، بەتایبەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بووە. ئەم داوایە لەنێو نەتەوەکانی تورکی ئازەری، بەلووچ، تورکمەن و عەرەبیشدا ڕووی لە زیادبوون کردووە.

۵ سەپاندنی زۆرەملیی سیاسەتی تاکزمانی و درێژەپێدانی بۆ ماوەی یەک سەدە، ئەگەر سەردەمانێک بووبێتە هۆی ڕەگاژۆیی گیانی «ئێرانیبوون» لەنێو هێندێک توێژی نەتەوە غەیرەفارسەکان و، زمانی فارسییان بە هۆکاری جۆراوجۆر خستبووە سەرووی زمانەکەی خۆیان، ئێستا ڕەوتێکی پێچەوانە لەنێو ئەو نەتەوانەدا دەستی پێ کردووە. بەردەوامیی زۆرەملیانەی سیاسەتی تاکزمانی، پتر هانی ئەم ڕەوتە پێچەوانەیە دەدا. بەم جۆرە سیاسەتێکی زمانی کە بە ئامانجی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی، بەکاری دێنن، بۆخۆی دەبێتە هەوێنی لە مەترسی خستنی یەکپارچەیی ئێران.

## سەرچاوەکان

### کوردی:


-ئەحمەد، قادر فەتاح ئەحمەد،٢٠١٠، خویندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین

-جامباز، تارق جامباز، ٢٠١۴، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم

- سورخی ڕەحیم، ٢٠١٩، گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێراندا، لە داگیرکردنی کوردستانەوە بۆ بەدامەزراوەیی کردنی زمانی فارسی تێیدا، گۆڤاری» تیشک»، ژمارە ۵٢، ساڵی ٢١.

- سەعید، ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید ،٢٠٠٩ ، ناسیۆنالیزمی ئێرانی (١٩۴١ -١٩٠۶)، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین.

- کالفی، لویس جان کالفی ، ٢٠١٢، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانی،( وەرگێڕانی بەهادین جەلال)، هەولێر ، دەزگای موکریانی.

- هەروتی، سەعدی عوسمان هەروتی، ٢٠٠٧، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا(١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.


### سەرچاوەی فارسی:


- احمدی پور طاهره، (٢٠١١)، به سوی چارچوب سیاست زبان ملی، زبان شناخت، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال دوم، ،شماره اول، بهار و تابستان ١٣٩٠،

-سیف الدینی سالار،٢٠١۵، جمع آوری شاخص های زبانی در سرشماریها: آری یا خیر؟ شبکه مطالعات سیاست گذاری عمومی، مرکز بررسی‌های استراتژیک ریاست جمهوری، ٩مهر ١٣٩۴

- متن کامل قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران همراه با اصلاحات سال ١٣۶٨، انتشارات «تاریخ ما».

- میکه، هردی مهدی میکه ، ٢٠١٩، سیاست ایران در قبال کردها،(١٢٩٩-١٣٢٠ش/١٩٢١-١٩۴١م)، دانشگاه سلیمانیه.

- ناظمی امیر، ٢٠١٨، سیاست زبان در جمهوری اسلامی ایران: پیشنهادهای سیاستی در خصوص زبان و زبان آموزی، فصلنامه سیاست راهبردی سیاست گذاری عمومی، دوره٨، شماره ٢۶، بهار ١٣٩٧


### سەرچاوەی ئینگلیزی:


Anthony J. Liddicoat,2012, Richard B. Baldauf and
Language Planning in Local Contexts: Agents, Contexts and Interactions,
Page Range: 3–17
https://www.degruyter.com/view/title/551118


### سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:

### کوردی:


- قازی حەسەن، ٢٠١٧، فەرمانی لە کوردستان ( چاوپێکەوتن)، ماڵپەڕی ڕوانگە. لینک:
http://ruwange.blogspot.com/2017/01/blog-post_19.html

- سورخی ڕەحیم. ٢٠١٨، پلان و سیاسەتی زمان و گرفتی دەوڵەت - نەتەوەسازی لە ئێران، ماڵپەڕی پێنووس، لینک:
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/219-2018-09-02-18-56-38

- دەسەڵات هەڕەشە لە زمانی کوردی دەکات، ٢٠١٧، ڕیپۆرتاژی ماڵپەڕی پەیسەر، لینک: دۆخی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان: (peyserpress.com)

- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ٢٠١٧/١١/٨، ماڵپەڕی kmmk.info ڕێکخراوی ناوبراو،


### فارسی:


-امنستی انترناشنال، ٢٠٠٨، «ایران: تعدی های حقوق بشری علیه اقلیت کرد»، گزارش سال ٢٠٠٨، لینک:
https://www.iranrights.org/fa/library/document/444/iran-human-rights-abuses-against-the-kurdish-minority

- اساسنامه فەرهنگستان زبان و ادب فارسی، https://apll.ir

- طرح تدریس زبان مادری، «زیر سر انگلیسی‌ها» است، سایت رادیو زمانه، لینک: https://www.radiozamaneh.com/122246

- قوریشی کاوه، ۵ دی١٣٩٨ (٢٠١٩)، سرکوب گفتمان هویت‌خواهی قومی در کرمانشاه و ایلام ، سایت ایران انترناشنال، لینک: https://iranintl.com

-علوی شاهد، ٢٠١۴، آموزش به زبان مادری در ایران و توهم جدایی طلبی، سایت فارسی بی. بی.سی، لینک:
https://www.bbc.com/persian/blogs/2014/02/140219_l44_nazeran_mothertongue_iran

-بررسی پیشینه تاریخی اقوام مختلف: تات قوم بومی خراسان که به زبان فارسی تکلم میکنند، روزنامه خراسان، ٢٣ شهریور ١٣٨٨، شماره ٢۴۶، لینک: /https://fa.wikipedia.org/wiki